ڕێبەری ئێران سزای سێ هەزار زیندانیی کەمکردەوەو لێیان خۆشبوو

ڕێبەری ئێران سزای سێ هەزار زیندانیی کەمکردەوەو لێیان خۆشبوو.

لە سەروبەندی ساڵڕۆژی لەدایک بوونی حەزرەتی پێغەمبەر مەحەممەد و ئیمام سادق، ڕێبەری ئێران عەلی خامنەیی داواکاری سەرەکی دەسەڵاتی داد بە لەبوردن و کەمکردنەوەی سزای نزیکەی سێ هەزار زیندانیی قبووڵ کرد.

موحسێنی ئێژەیی، سەرەکی دەسەڵاتی دادی ئێران لە نامەیەکدا بە ڕێبەری ئێران عەلی خامنەیی بە ئاماژە بە هاتنی یادی لەدایکبوونی حەزرەتی مەحەممەد و ئیمام سادق داوای لەبوردن و کەمکردنەوەی سزا و گۆڕینی سزای دوو هەزار و هەشتسەد و هەشتا و حەوت سزاداراوی دادگاکانی گشتی، شۆڕش، ڕێکخراوی دادوەری و هێزە چەکدارەکان و تەعزیراتی کردبوو.